کێن ئەوانەی بە فعلی وەزیربوون
کابینەی یەکەم تا کابینەی نۆیەم

کۆکردنەوەو ئامادەکردن
هەڵمەت محمدشکور / ئەندامی ژوری توێژینەوەکان

- کابینەی یەکەم (1992/07/04)
- کابینەی دووەم (1993/04/25)
- کابینەی سێیەم، کابینەی چوارەم:
  - حکومەتی هەرێمی کوردستان/ هەولێر
    - أ. کابینەی: د. ڕۆژ نوری شاوەیس - 1996/09/26
    - ب. کابینەی: نیچیرڤان ئیدریس بارزانی – 1999/12/20
  - حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سلێمانی
    - أ. کابینەی: کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی - کۆتاییەکانی/ 1996
    - ب. کابینەی: د. بەرهەم ئەحمد صالح - 2001/01/20، لە 2004/07/04 (عمر فتاح حسین – بە وەکالەت)، درێژەی بەم کابینەیە داوە.
- کابینەی پێنجەم (2006/05/07) - یەکگرتنەوە
- کابینەی شەشەم (2009/10/28)
- کابینەی حەوتەم (2012/04/05)
- کابینەی هەشتەم (2014/06/18) – حکومەتی بنکە فراوان
- کابینەی نۆیەم (2019/7/10 – تا ئێستا)

کابینەی یەکەم و دووەم - هاوبەش

دوای راپەرینە جەماوەرییەکەی باشوری کوردستان (باکوری عێراق)، دژ بە ڕژێمی بەعس، لە (1991/03/05) کە لە قەزای ڕانیەوە دەستی پێکردو لە (1991/03/21) گەیشتە پارێزگای کەرکوك. هاوکاتیش، لەلایەکی دیکەوە ئەنجومەنی ئاسایشی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاری ژمارە (688) دەرکرد لە بەرواری (1991/04/05)، ناوەڕۆکی بڕیارەکەش ئیدانەی رژێمی بەعسی کردبوو بەرامبەر بەو سەرکوتکارییەی گرتبوویەبەر دژ بە هاوڵاتیانی عێراق و بەتایبەتیش لە ناوچە کوردییەکان، و تیایدا داوای ڕاگرتنی ئەو سەرکوتکارییەی کردبوو کە ڕژێم ئەنجامی دەدا، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم کارانە هەڕەشەیە بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

دوو هۆکاری پێشوو کە ناوخۆی و دەرەکی بوون فشاری زۆری بۆ سەر ڕژێمی پێشوو هێنا و ناچاری کرد، کە بڕیاربدات بە پاشەکشە پێکردنی دامودەزگا ئیدارییەکانی لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی و دهۆك) لە (1991/10/23)، ئەم بڕیارەی ڕژێم بووە هۆی دروستبوونی بۆشایی گەورەی ئیداری و سیاسی و یاسایی لە ناوچەکەدا، ئەم هۆکارە پاڵنەری گەورە بوو بۆ ئەزمونی خود موختاری "الحكم الذاتي" کوردانی عێراق، بۆیە دواتر ئەم ئەزمونە ڕێگە خۆشکەربوو بەرەی کوردستانی کە یاسای هەڵبژاردن و کۆمەڵێك یاسای پێویست دابڕێژێت لەپێناو ڕێخۆشکردن بۆ دروستکردنی حکومەتێکی خۆماڵی لە داهاتووی نزیکدا.

هەرچۆن بوو لە (1992/05/19) یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی "دیموکراسیانە" بە چەند کەموکوڕیەکەوە لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، بەڵام دواتر بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان، هەردوو حیزب (پارتی و یەکێتی) بڕیاریاندا پێکەوە پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبەرن و بە سیستمی فیفتی بە فیفتی (پەنجا بە پەنجا) پەرلەمانیان پێکبهێنا، پەرلەمانیش یەکەم دانیشتنی خۆی گرێدا لە (1992/06/04)، تیایدا دەیان یاساو بڕیارو تعلیماتی دەرکرد و لە (1992/07/05) متمانەی بە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخشی، هەردوو حیزب پۆستە حکومییەکانیشیان لە نێوان خۆیان و چەند پارتێکی بچوك دابەشکرد، بۆ پێکهاتەی کابینەکەش (بڕوانە خشتەی ژمارە -1-)، پاش ڕاپەڕاندنی کۆمەڵی ئەرکی ئیداری و هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی بارودۆخەکەو دامەزراندنی کارمەندی نوێ لە دام دەزگا حکومییەکان، کە لەو کاتەدا گرفتی گەورە هاتبووە بەردەم حکومەت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستانەی پێویستی بە پسپۆڕی بوو، بۆیە پاش ماوەیەك هەوڵیاندا هەندێك لەو کارمەندانەی پێشتر لەسەردەمی حیزبی بەعسدا کاریانکردبوو، بیانگێڕنەوە بۆ کارەکانی خۆیان، هەرچۆن بوو، هەردوو حیزبی باڵادەست پارتی و یەکێتی ئەم کابینەیەیان بەڕێکرد سەرەڕای کۆمەڵێك ناکۆکی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێکهێنا، لە (1993/04/25)، بەڵام گۆڕانکارییەکان زیاتر لە سەر ئاستی شەخسەکان بوو. بە

بەراورد لەگەڵ کابینەی یەکەمدا، دابەشکردنەوەی پۆستەکان شتێکی ئەوتۆیان نەگۆڕی، سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستەکان (بڕوانە خشتەی ژمارە -2-).

خشتەی ژمارە (1)

پێکهاتەی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

1993/04/24 - 1992/07/04

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	فوئاد معسوم	سەرۆك وەزیران	یەکێتی	
2	ڕۆژ نوری شاوەیس	جێگری سەرۆك وەزیران	پارتی	
3	محەمەد ئەمین مەولود	وەزیری پیشەسازی و وزە	یەکێتی	
4	شێرکۆ بێکەس	وەزیری ڕۆشنبیری	یەکێتی	
5	محمەد تۆفیق	وەزیری هاوکاری مرۆڤایەتی	یەکێتی	
6	ئیدریس هادی صالح	وەزیری گواستنەوەو گەیاندن	پارتی	
7	یونادم یوسف	وەزیری ئیشغال و نیشتەجێبوون	بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری	
8	ناسیح غفور	وەزیری پەروەردە	پارتی	
9	قادر عەزیز	وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری	زەحمەتکێشان	
10	کەمال موفتی	وەزیری کاروباری پێشمەرگە	یەکێتی	
11	مەعروف رەئوف	وەزیری داد	سەربەخۆ	
12	صلاحەدین حەفید	وەزیری دارایی و کاروباری ئابووری	یەکێتی	
13	کەمال شاکر	وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی	شیوعی	
14	محەمد ملا قادر	وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی	پارتی	
15	مەئمون بریفکانی	وەزیریبنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە	پارتی	
16	یونس ڕۆژبەیانی	وەزیری ناوخۆ	پارتی	
17		وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار		

خشتەی ژمارە (2)

پێکهاتەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

1993/04/25 – کۆتاییەکانی 1996

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	کۆسرەت ڕەسوڵ علی	سەرۆك وەزیران	یەکێتی	
2	د.ڕۆژ نوری شاوەیس	جێگری سەرۆك وەزیران	پارتی	
3	یونس ڕۆژبەیانی	وەزیری ناوخۆ	پارتی	
4	قادر عەزیز محەمەد	وەزیری داد	یەکێتی	
5	د. ئیدریس هادی صالح	وەزیری گواستنەوەو گەیاندن	پارتی	
6	محەمەد ئەمین مەولود	وەزیری پیشەسازی و وزە	یەکێتی	
7	شێرکۆ بێکەس	وەزیری ڕۆشنبیری	یەکێتی	
8	دارۆی شێخ نوری	وەزیری دارایی و کاروباری ئابووری	یەکێتی	
9	سەعدی ئەحمد پیرە	وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێریی	یەکێتی	
10	کافیە سولەیمان	وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار	یەکێتی	
11	کەمال شاکر	وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی	شیوعی	
12	جەبار فەرمان	وەزیری کاروباری پێشمەرگە	یەکێتی	
13	مەئمون بریفکانی	وەزیری بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە	پارتی	
14	محمەد تۆفیق	وەزیری هاوکاری مرۆڤایەتی	یەکێتی	
15	محەمد ملا قادر	وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی	پارتی	
16	د. ناصح غەفور	وەزیری پەروەردە	پارتی	
17	یونادم یوسف کنا	وەزیری ئیشغال و نیشتەجێبوون	بزووتنەوەی ئاشووری	

کابینەی سـێیەم و چوارەم – جیابوونەوە

- **حکومەتی هەرێمی کوردستان/ هـەولێر**

أ. **کابینەی: د. ڕۆژ نوری شاوەیس** - 1996/09/26

ب. **کابینەی: نیچیرڤان ئیدریس بارزانی** – 1999/12/20

- **حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سلێمانی**

أ. **کابینەی: کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی - کۆتاییەکانی/** 1996

ب. **کابینەی: د. بەرهەم ئەحمد صالح** - 2001/01/20، **لە** 2004/07/04 **(عمر فتاح حسین – بە وەکالەت)، درێژەی بەم کابینەیە داوە.**

دوای بەروپێشچوونێکی کەم لە حکومڕانی خۆماڵی، ئەزمونەکە شکستی خواردو توشی شەلەل بوو، ئەویش بەهۆی ململانێی نێوان هەردو پارتی دەسەڵاتدار (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)، سەرەڕای ئەوەی حکومەتێکی هاوبەشیان دروستکردبوو، ململانێکەیان هێند گەرم بوو لە (1994/05/01) گڕی گرت، دروستبوونی شەڕی ناوخۆ ڕێگربوو لەبەردەم هەر پێشکەوتنێکی سیاسی یاسایی ئابووری ... هتد لە هەرێمی کوردستان، ئەم شەڕەش تا کۆتاییەکانی 1996ی خایاند، هۆکاریش بوو بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لە نێوان سەوز و زەردداو، هەر لایەنەو لە نفوزی خۆی حکومەتی هەولێر و سلێمانیان پێکهێنا، پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی نێوان (1996/09/26 – 2006/05/06) دوو کابینەی حکومەتی لە ناوچەی زەردا دروستکرد (بڕوانە: هەریەك لە خشتەی ژمارە – 3 – و ژمارە – 4 –) سەبارەت بە دابەشکردنی پۆستەکان. یەکێتیش بە هەمان شێوە لە (کۆتاییەکانی 1996 – 2006/05/06) دوو حکومەتی دروستکرد، کە دووەمیان لەلایەن د.بەرهەم ئەحمد صالح - 2001/01/20 **پێکهێنراوەو دواتر لە** 2004/07/04 **(عمر فتاح حسین – بە وەکالەت)، جێگەی گرتووەتەوە. دەربارەی دابەشکردنی پۆستەکانیش لە حکومەتەکانی سلێمانی (بڕوانە: هەریەك لە خشتەی ژمارە – 5 – و ژمارە – 6 –)**

خشتەی ژمارە (3)

پێکهاتەی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان/هەولێر

1999/12/19 – 1996/09/26

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	د.ڕۆژ نوری شاوەیس	سەرۆك وەزیران	پارتی	
2	نێچیرڤان بارزانی	جێگری سەرۆك وەزیران	پارتی	
3	شەوکەت شێخ یەزدین	وەزیری دارایی و کاروباری ئابووری	پارتی	
4	یونادم یوسف کنا	وەزیری ئیشغال و نیشتەجێبوون	بزووتنەوەی ئاشوری	
5	قادر جەباری	وەزیری داد	پارتی	
6	ئەبو حیکمەت	وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری	کاری سەربەخۆ	
7	د. جەرجیس حسن	وەزیری پەروەردە	پارتی	
8	د. شەفیق قەزاز	وەزیری هاوکاری مرۆڤایەتی	پارتی	
9	د. ئیدریس هادی صالح	وەزیری پیشەسازی و وزە	پارتی	
10	مەئمون بریفکانی	وەزیری بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە	پارتی	
11	فازل میرانی	وەزیری ناوخۆ	پارتی	
12	فەلەکەدین کاکەیی	وەزیری ڕۆشنبیری	پارتی	
13	حسێن سنجاری	وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار	پارتی	
14	حەمید عەقراوی	وەزیری گواستنەوەو گەیاندن	پارتی	
15	کەمال شاکر	وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی	شیوعی کوردستان	
16	کاوە محمود حەفید	وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی	پارتی	
17	عومەر عوسمان(زەعیم عەلی)	وەزیری پێشمەرگە	پارتی	
18	د. جاسم ئلیاس	وەزیری هەرێم	پارتی	
19	فرانسوا هەریری	وەزیری هەرێم	پارتی	

خشتەی ژمارە (4)

پێکهاتەی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان/هەولێر

2006/05/06 – 1999/12/20

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	نێچیرڤان بارزانی	سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	پارتی	
2	سامی عەبدولرەحمان	جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	پارتی	لە کارەساتیتیروریستی (1) شوبات شەهید کرا.
3	شەوکەت شێخ یەزدین	وەزیری کاروباری ئەنجومەن	پارتی	لە کارەساتیتیروریستی (1) شوبات شەهید کرا.
4	فازل میرانی	وەزیری ناوخۆ	پارتی	لە 2001/8/30 کەریم سولتان عەبدوڵڵا شنگاری شوێنی گرتەوە
5	عومەر عوسمان(زەعیم عەلی)	وەزیری پێشمەرگە	پارتی	لە 2001/8/30 حەمید ئەفندی شوێنی گرتەوە
6	عەبدولعەزیز تەیب	وەزیری پەروەردە	پارتی	
7	سەرکیس ئاغاجان مامندۆ	وەزیری دارایی و ئابووری	پارتی	لە دوای کرەساتی (1) شوبات بوو بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە وەکالەت
8	عەدنان محمد حوسامەدین	وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی		
9	هادی علی عەبدولکریم	وەزیـــــری داد	یەکگرتووی ئیسلامی	
10	فەلەکـەدین سابر کاکەیی	وەزیری رۆشنبیری	پارتی	- لە 2001/8/30 مەحمودمحەمەد شوێنی گرتەوە. - فەلەکەدین سابر کاکەیی لە 2001/8/30 وەکو وەزیری هەرێم دامەزراوە - دواتریش سامی شۆڕش شوێنی گرتەوە
11	سەعد عەبدوڵڵا عوسمان	وەزیری کشتۆکاڵ و ئاودێری	پارتی	لە کارەساتیتیروریستی (1) شوبات شەهید کرا.
12	مامون نور محمد بریفکانی	وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار	پارتی	لە 2001/8/30 عبدالمهیمن سلیمان شوێنی گرتەوە.
13	یونادم یوسف کنا	وەزیری پێشەسازی و ووزە	بزووتنەوەی ئاشووری	لە 2001/8/30 یونان مرقس حنا شوێنی گرتەوە.
14	د.شەفیق قـــەزاز	وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری	پارتی	
15	د.جەمال عەبدولحەمید	وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی	پارتی	

16	نەسرین مستەفا سدیق	وەزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان	پارتی	
17	نازەنین محەمەد وســو	وەزیری ئەشغال و نیشتەجی کردن	پارتی	
18	عەبدولحەمید عەبدوللا	وەزیری گواستنەوە و گەیاندن	پارتی	لە 2000/3/15 عبدالرحیم شێخ عەلی (حیدر فەیلی) شوێنی گرتەوە.
19	یوسف حەنا یوسف	وەزیـــــری هەرێـــــم	بزووتنەوەی ئاشووری	
20	مەحمود کاوە حەفید	وەزیـــــری هەرێـــــم	پارتی	
21	نەمر کەچو هسام	وەزیـــــری هەرێـــــم		
22	جەودەت جەرجیس نەجار	وەزیـــــری هەرێـــــم	پارتی	
23	عەبدولجەلیل رەزا فەیلی	وەزیـــــری هەرێـــــم	پارتی	لە 2001/1/8 وەکو وەزیری هەرێم (عبد کەریم مراد یەدوللا) شوێنی گرتەوە.
24	د. محەمەد ئێحسان	وەزیری ماڤی مرۆڤ	پارتی	وەزارەتی ماڤی مرۆڤ دامەزرا و د.محەمەد ئێحسان لە 2001/8/30 وەکو وەزیر دامەزرا.

خشتەی ژمارە (5)

پێکهاتەی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان/سلێمانی

کۆتاییەکانی 1996 – 2001/01/19

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	کۆسرەت ڕەسوڵ علی	سەرۆك وەزیران	یەکێتی	
2	د. کەمال فوئاد	جێگری سەرۆك وەزیران	یەکێتی	
3	داروێ شێخ نوری	وەزیری دارایی و ئابووری	یەکێتی	دواتر (عدنان رشاد مفتی) جگەی گرتووەتەوە
4	عادل ناصر حەجی	وەزیری ئیشغال و ئاوەدانکردنەوە	یەکێتی	- لە 1999/08/22 (بەهمەن حسین) شوێنی گرتەوە./ زەحمەتکێشان
5	عبدالرحمن نەوڕسی	وەزیری داد	بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی	
6	سالار عزیز	وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێریی	یەکێتی	- لە 1999/08/22 (عادل ناصر حەجی) شوێنی گرتەوە.
7	ئەرسەلان بایز	وەزیری پەروەردە	یەکێتی	
8	سەعدی ئەحمەد پیرە	وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری	یەکێتی	- لە 1999/10/09 (د. جەمال عبدالکریم فواد) شوێنی گرتەوە.
9	بەهمەن حسێن	وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان	زەحمەتکێشان	
10	ملازم عمر عبدالله	وەزیری ناوخۆ	یەکێتی	دواتر (مصطفی قادر مصطفی) شوێنی گرتووەتەوە
11	جەمال عبدالله	وەزیری ڕۆشنبیری	یەکێتی	- لە 1999/08/22 (شێخ محمد شاکلی) شوێنی گرتەوە.
12	کافیە سولەیمان	وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار	یەکێتی	- لە 1999/10/09 (عدنان رشاد مفتی) شوێنی گرتەوە.
13	نجم حسێن سورچی	وەزیری گواستنەوەو گەیاندن	پارێزگاران	- لە 1999/08/22 (برزۆ علی هەژار) شوێنی گرتەوە.
14	عیماد ئەحمد	وەزیری تەندروستی	یەکێتی	- لە 1999/08/22 (د. یادگار رەئوف حشمت) شوێنی گرتەوە.
15	محمد عبدالعزیز	وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی	بزووتنەوەی ئیسلامی	
16	کەمال موفتی	وەزیری کاروباری پێشمەرگە	یەکێتی	
17	سەید قادر جەباری	وەزیری پیشەسازی و وزە	یەکێتی	- لە 1999/08/22 (عیماد ئەحمد) شوێنی گرتەوە.
18	د. جەلال شەفیق علی	وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی	یەکێتی	
19	نەرمین عوسمان حسن	وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی	یەکێتی	

خشتەی ژمارە (6)

پێکهاتەی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان/سلێمانی

بەرهەم ئەحمد صالح 2001/01/20 – 2004/07/03

عمر فتاح حسین (بەوەکالەت) 2004/07/04 – 2006/05/06

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	د. بەرهەم ئەحمد صالح	سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	یەکێتی	- لە 2004/07/04 (عمر فتاح حسین – بە وەکالەت) شوێنی گرتەوە.
2	عدنان رشاد موفتی	جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	یەکێتی	
3	عدنان رشاد موفتی	وەزیری دارایی و ئابووری	یەکێتی	- لە 2002/11/09 (بایز سعید محمد) شوێنی گرتەوە.
4	کەمال محمد موفتی	وەزیری ناوخۆ	یەکێتی	- لە 2001/07/25 (نوشیروان فواد مەستی) شوێنی گرتەوە. - لە 2002/06/03 (فەرەیدون عبدالقادر) شوێنی گرتەوە. - لە 2003/12/08 (عوسمان حاجی محمود) شوێنی گرتەوە.
5	عبدالرحمن معروف محمد	وەزیری داد		- لە 2002/02/18 (رشدی عزیز صالح) شوێنی گرتەوە.
6	شێردڵ عبدالله حوێزی	وەزیری کاروباری پێشمەرگە	یەکێتی	- لە 2003/09/30 ئیعفا کراوە
7	خەلیل نیعمەت دۆسکی	وەزیری گواستنەوەو گەیاندن	یەکێتی	
8	د. جەمال عبدالکریم فواد	وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری	یەکێتی	
9	جەلال جەوهەر عەزیز	وەزیری پیشەسازی و وزە	یەکێتی	- لە 2003/09/25 (پەروین بابەکر حمە اغا) شوێنی گرتەوە.
10	فەتاح خەلیل فەتاح	وەزیری ڕۆشنبیری	زەحمەتکێشان	
11	خەسرەو مصطفی عبدالله	وەزیری پەروەردە	یەکێتی	- لە 2001/07/25 (نەرمین عوسمان حسن) شوێنی گرتەوە. - لە 2003/09/25 (د. شەونم عبدالقادر) شوێنی گرتەوە.
12	فاتح عبدالله عباس	وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار		
13	د. یادگار رەئوف حیشمەت	وەزیری تەندروستی	یەکێتی	- لە 2002/11/09 (د. محمد قادر خۆشناو) شوێنی گرتەوە.

14	نەرمین عوسمان حسن	وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی	یەکێتی	- لە 2001/07/25 (محسن علی ئەکبەر) شوێنی گرتەوە. - لە 2003/09/25 (شنۆ لەتیف محمود) شوێنی گرتەوە.
15	سعدی حەمەدەمین دزەیی	وەزیری ئەشغاڵ و ئاوەدانکردنەوە		
16	شازاد جەمیل صائب	وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری	یەکێتی	- لە 2001/07/25 (د. جەمال عبدالکریم فواد) شوێنی گرتەوە. - لە 2002/11/09 (شاڵاو علی عبدالله عسکری) شوێنی گرتەوە. - لە 2003/12/08 (شەماڵ عبدالوەفا احەد) شوێنی گرتەوە.
17	محمد عمر عبدالعزیز	وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی	بزووتنەوەی ئیسلامی	
18	د. جلال شفیق علی	وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی	یەکێتی	
19	برزۆ علی هەژار	وەزیری هەرێم	یەکێتی	
20	محسن علی ئەکبەر	وەزیری هەرێم	یەکێتی	- لە 2001/07/25 (جەمیل خدر عەبدال) شوێنی گرتەوە.
21	سلاح عبدالقادر رشید	وەزیری مافی مرۆڤ و کاروباری ئاوارەو ئەنفالکراوەکان	یەکێتی	- ئەم وەزارەتە لە 2001/02/14 دامەزراوە
22	د. بەرهەم ئەحمد صالح	وەزیری پەیوەندی و هاوکاری	یەکێتی	- ئەم وەزارەتە لە 2001/09/09 دامەزراوە - لە 2002/06/03 (عبدالرزاق عزیز میرزا) شوێنی گرتەوە.

کابینەی پێنجـەم- یەکگرتنەوە

دوای ئەوەی شەڕی ناوخۆ لە 1994/05/01 لە نێوان یەکێتی و پارتی هەڵگیرسا، ئەم شەڕە درێژەی هەبوو تا ڕێککەوتنی واشنتۆن لە 1998/09/17 لە نێوان هەردوولادا، ئەو ڕێککەوتنەش لە ژێر فشاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، باردۆخەکەی پێشوو (دووئیدارەیی) هەر بەردەوام بوو، ڕێککەوتنی واشنتۆنیش تەنها بوو بە هۆی غیابی شەڕ لە نێوان ئەم دوو پارتەدا، تا پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2002، یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2002ی پەسەند کرد بەناوی (قانون تصديق اتفاقية واشنطن لإحلال السلام في إقليم كوردستان العراق المبرمة بين قيادتي الحزب الديقراطي الكوردستاني وأتحاد الوطني الكوردستاني).

ئەم هەنگاوانە تەنها ڕێگربوون لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ، ئەگەر نا لە ڕووی گۆڕانکاری ئیداری و بەڕیوەبردنی هەرێمی کوردستان، هیچ گۆڕانکاری دروست نەکرد، بارودۆخەکە بە دۆگمایی مایەوە تا پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق لە (2003/04/19) لە لەیەلان ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوە، لێرە بەدواوە زەرورەتی گۆڕنکاری ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە زۆر زیادی کرد، دیسانەوە پرسی هەڵبژاردن هاتە کایەوەو لە (2005/09/15) یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە ئەنجامدرا بووە خولی دووەمی پەرلەمان، دواتریش لە (2006/01/21) تاڵەبانی و بارزانی ڕێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد بە ناوی (ڕێککەوتنی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، لە (2006/05/07) پەرلەمانی کوردستان متمانەی بە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم بەخشی. (سەبارەت بە پێکهاتەی ئەم کابینەیەش بڕوانە خشتەی ژمارە - 7 -).

ئەم کابینەیەش زۆرترین قسەوباسی لێکرا لەکاتی خۆی، چونکە تەنها بە ناو یەکگرتنەوە بوو، بەبەڵگەی ئەوەی چەند پۆستێکی نوێی وزرای سەریهەڵدا ئەویش بەهۆی ڕێکنەکەوتنی پارتی یەکێتی سەبارەت بە چونییەتی دابەشکردنی پۆستەکان بەتایبەت پۆستی وەزارەتەکانی دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگە، بەهەر حاڵ ئەم هەنگاوە گرنگ بوو، چونکە بەلای کەمەوە هەرێمی کوردستانی لەو بارودۆخە دۆگماییەی پێشتر توشی ببوو، ڕزگاری بوو.

خشتەی ژمارە (7)

پێکهاتەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

2009/10/27 – 2006/05/07

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	نێچیرڤان بارزانی	سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	پارتی	
2	عمر فتاح	جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	یەکێتی	دواتر (عیماد أحمد) شوێنی گرتەوە
3	عوسمان حاجی محمود	وەزیری ناوخۆ	یەکێتی	
4	عبدالکریم سوڵتان شەنگاری	وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ	پارتی	
5	سرکیس ئاغا جان مامندو	وەزیری دارایی و ئابووری	پارتی	
6	بایز سەعید محەمەد	وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی	یەکێتی	
7	فاروق جەمیل صادق	وەزیری داد	یەکێتی	
8	ئازاد عزەدین ملا ئەفەندی	وەزیری هەرێم بۆ کاروباری داد	پارتی	
9	عمر عوسمان ئبراهیم	وەزیری کاروباری پێشمەرگە	پارتی	
10	جعفەر مستەفا	وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە	یەکێتی	
11	بورهان سەعید صۆفی	وەزیری گواستنەوە	یەکێتی	
12	دڵشاد عبدالرحمن	وەزیری پەروەردە	یەکێتی	
13	د. عبدالرحمن عوسمان یونس	وەزیری تەندروستی	یەکێتی	
14	عەدنان محمد قادر	وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی	یەکێتی	
15	محمد ئەحمەد شاکلی	وەزیری ئەوقاف	یەکێی	
16	تەحسین قادر عەلی	وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان	یەکێتی	
17	عیماد ئەحمد	وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن	یەکێتی	
18	عوسمان ئیسماعیل حسین	وەزیری پلاندانان	یەکێتی	
19	یوسف محمد عەزیز	وەزیری مافی مرۆڤ		
20	ئیدریس هادی صالح	وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی	پارتی	
21	عبدالعزیز تەیب	وەزیری کشتوکاڵ	پارتی	
22	چنار سەعد عبدالله	وەزیری شەهیدان و ئەنفال	پارتی	
23	فەلەکەدین کاکەیی	وەزیری ڕۆشنبیری	پارتی	
24	هۆشیار عبدالرحمن	وەزیری کارەبا	پارتی	
25	عبدالله عبدالرحمن عبدالله (د.ئاشتی هەورامی)	وەزیری سامانە سروشتییەکان	پارتی	
26	نازەنین محمد وسو	وەزیری شارەوانی	پارتی	
27	تەها عبدالرحمن علی	وەزیری وەرزش و لاوان	پارتی	
28	د. محمد ئیحسان	وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم	پارتی	
29	محمد رەووف محمد	وەزیری بازرگانی	یەکگرتوو	

30	وداد خورشید عوسمان	وەزیری پیشەسازی		
31	دارا محمد ئەمین	وەزیری ژینگە	کۆمەڵ	
32	نەمرود بسیو	وەزیری گەشت و گوزار		
33	حیدر شێخ عەلی	وەزارەتی گەیاندن	شیوعی	
34	ئەبوبکر عەلی	وەزارەتی هەرێم	یەکگرتوو	
35	دکتۆرە جینان قاسم	وەزارەتی هەرێم	یەکێتی	
36	جۆرج یوسف منصور	وەزارەتی هەرێم	پارتی	
37	د. دخیل سعید خضر	وەزارەتی هەرێم		
38	محمد حاجی محمود	وەزارەتی هەرێم	حسك	
39	محمود عیدو	وەزارەتی هەرێم		
40	مدحەد مەندەلاوی	وەزارەتی هەرێم		
41	سەعید خالد ئەمین	وەزارەتی هەرێم		

کابینەی شەشەم:

خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (2009/07/25) قۆناغێکی نوێ بوو لە هەرێمی کوردستان، ئەویش بەهۆی سەرهەڵدانی تەوژمێکی نوێی سیاسی، کە بووە یەکەمین ئەزموونی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لە هەرێمی کوردستان، هەرچۆن بوو پارتی و یەکێتی بەهۆی ئەوەی پێشتر ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیجیان ئیمزا کردبوو لە نێوان خۆیاندا، بەپێی ئەو ڕێککەوتنەو بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان، کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێکهێنا، کە لە (2009/10/28) متمانەی لە پەرلەمانی کوردستان وەرگرت. (سەبارەت بە پێکهاتەی ئەم کابینەیەش بڕوانە خشتەی ژمارە - 8 -).

هەر بەپێی هەمان ڕێککەوتنی ستراتیجی هەردوو حیزب لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە هەریەکەیان (2) ساڵ حکومەت بەڕێوەبەرن، بۆیە دوای ئەوەی کابینەی شەشەم لە (2009/10/28 – 2012/04/04) یەکێتی پۆستی سەرۆك وەزیرانی لەلابوو، لە (2012/04/05) ئەم پۆستە درایەوە بە پارتی و کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێکهێنا. (سەبارەت بە پێکهاتەی ئەم کابینەیەش بڕوانە خشتەی ژمارە - 9 -).

خشتەی ژمارە (8)

پێکهاتەی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

2012/04/04 – 2009/10/28

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	بەرهەم ئەحمەد صالح	سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	یەکێتی	
2	ئازاد محمد نجیب محمد	جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	پارتی	
3	رەئوف ڕەشید عبدالرحمن	وەزیری داد	پارتی	
4	جعفەر مستەفا عەلی	وەزیری پێشمەرگە	یەکێتی	
5	عبدالکریم سوڵتان شەنگاری	وەزیری ناوخۆ	پارتی	
6	بایز سەعید محەمەد	وەزیری دارایی	یەکێتی	
7	عبدالله عبدالرحمن عبدالله (د.ئاشتی هەورامی)	وەزیری سامانە سروشتییەکان	پارتی	
8	تاهیر عبدالله حسین	وەزیری تەندروستی	یەکێتی	
9	سەفین محسن محمد ئەمین	وەزیری پەروەردە	پارتی	
10	کامەران ئەحمد عبدالله	وەزیری ئاوەدانکرنەوەو نیشتەجێکردن	یەکێتی	
11	سەمیر عبدالله مصطفی	وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار		
12	د. دلاوەرعبدالعزیز علاء الدین	وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی	یەکێتی	
13	د. عەلی عوسمان سندی	وەزیری پلاندانان	پارتی	
14	ئاسۆس نەجیب عبدالله	وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی	یەکێتی	
15	کاوە محمود شاکر	وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان	شیوعی	
16	د. مجید حمد ئەمین	وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال	یەکێتی	
17	جەمیل سلێمان حیدر	وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان	پارتی	
18	سنان عبدالخالق ئەحمد	وەزیری پیشەسازی و بازرگانی	تورکمان	
19	ئەنوەر جبلی سابو	وەزیری گواستنەوەو گەیاندن	بزووتنەوەی ئاشوری	
20	کامل عەلی عەزیز	وەزیری ئەوقاف و کاوباری ئاینی	بزووتنەوەی ئیسلامی	
21	یاسین شێخ أبوبکر	وەزیری کارەبا	حسك	

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	نوری عوسمان محمود	سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران	پارتی	پلەی وەزیری پێداروە
2	محمد قەرەداغی	سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران	یەکێتی	پلەی وەزیری پێداروە
3	فەلاح مصطفی بەکر	سەرۆکی فەمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە	پارتی	پلەی وەزیری پێداروە
4	هێرش محەرەم	سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان	یەکێتی	پلەی وەزیری پێداروە

خشتەی ژمارە (9)

پێکهاتەی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

2014/06/17 – 2012/04/05

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	نێچیرڤان بارزانی	سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	پارتی	
2	عیماد ئەحمد	جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	یەکێتی	
3	عبدالکریم سوڵتان شەنگاری	وەزیری ناوخۆ	پارتی	
4	جعفەر مستەفا عەلی	وەزیری پێشمەرگە	یەکێتی	
5	بایز سەعید محەمەد	وەزیری دارایی	یەکێتی	
6	عبدالله عبدالرحمن عبدالله (د.ئاشتی هەورامی)	وەزیری سامانە سروشتییەکان	پارتی	
7	د. عەلی عوسمان سندی	وەزیری پلاندانان	پارتی	
8	شێروان حیدری	وەزیری داد	پارتی	
9	ڕێکەوت حمە ڕەشید	وەزیری تەندروستی	یەکێتی	
10	عصمت محەمەد خالد	وەزیری پەروەردە	پارتی	
11	کامەران ئەحمد عبدالله	وەزیری ئاوەدانکرنەوەو نیشتەجێکردن	یەکێتی	
12	دڵشاد سەهاب	وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار	پارتی	
13	د. علی سەعید	وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی	یەکێتی	
14	ئاسۆس نەجیب عبدالله	وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی	یەکێتی	
15	کاوە محمود شاکر	وەزیری ڕۆشنبیری	شیوعی	
16	صباح ئەحمد	وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال	یەکێتی	
17	سیروان بابان	وەزیری کشتوکاڵ		
18	سنان عبدالخالق ئەحمد	وەزیری پیشەسازی و بازرگانی	تورکمانی	
19	جونسون سیاوش	وەزیری گواستنەوەو گەیاندن	بزووتنەوەی ئاشوری	
20	کامل عەلی عەزیز	وەزیری ئەوقاف	بزووتنەوەی ئیسلامی	
21	یاسین شێخ أبوبکر	وەزیری کارەبا	حسك	

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	نێچیرڤان ئەحمەد	سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران	پارتی	پلەی وەزیری پێداروە
2	د. محمد قەرەداغی	سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران	یەکێتی	پلەی وەزیری پێداروە
3	فەلاح مصطفی بەکر	سەرۆکی فەمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە	پارتی	پلەی وەزیری پێداروە
4	هێرش محەرەم	سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان	یەکێتی	پلەی وەزیری پێداروە
5	سەعد ئەحمەد	وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان		
6	سەفین موحسین دزەیی	وتەبێژی فەرمی حکومەت	پارتی	

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	قوباد جلال تاڵەبانی	وەزیری هەماهەنگی و بەدواداچوون	یەکێتی	پلەی وەزیری پێداروە

کابینەی هەشتەم:

خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (2013/9/21) بەڕێوەچوو، پێکهێنانی ئەم کابینە گفتوگۆیەکی زۆری لە بارەوەکراو نزیکەی نۆ مانگی خایاند تا ئەوەی لایەنە سیاسییەکان گفتوگۆی خۆیان بکەن و بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ دروستکرنی حکومەتێکی بنکە فراوان ، سەرئەنجام کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان لە (2014/06/18) متمانەی لە پەرلەمانی کوردستان وەرگرت. (سەبارەت بە پێکهاتەی ئەم کابینەیەش بڕوانە خشتەی ژمارە -10-).

خشتەی ژمارە (10)

پێکهاتەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

20019/07/09 – 2014/06/18

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	نێچیرڤان بارزانی	سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	پارتی	
2	قوباد تاڵەبانی	جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	یەکێتی	
3	عبدالکریم سوڵتان شەنگاری	وەزیری ناوخۆ	پارتی	
4	مستەفا قادر مستەفا	وەزیری کاروباری پێشمەرگە	گۆڕان	
5	ڕێباز محمد حملان	وەزیری دارایی و ئابوری	گۆڕان	
6	عبدالله عبدالرحمن عبدالله (د.ئاشتی هەورامی)	وەزیری سامانە سروشتییەکان	پارتی	
7	د. عەلی عوسمان سندی	وەزیری پلاندانان	پارتی	
8	سینان عبدالخالق احمد چەلەبی	وەزیری داد	تورکمانی	
9	ڕێکەوت حمە ڕەشید	وەزیری تەندروستی	یەکێتی	
10	پشتیوان صادق عبدالله	وەزیری پەروەردە	پارتی	
11	دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ	وەزیری ئاوەدانکرنەوەو نیشتەجێکردن	یەکێتی	
12	نەورۆز مولود محمد امین	وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار	پارتی	
13	یوسف حمد لوتف الله	وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی	یەکێتی	
14	محمد قادر هاودینی	وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی	یەکگرتوو	
15	خالید عبدالرحمن احمد	وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان	یەکێتی	
16	محمود صالح حمە کریم	وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال	یەکێتی	
17	عبدالستار مەجید قادر	وەزیری کشتوکاڵ سەرچاوەکانی ئاو	کۆمەڵ	

18	سامال سەردار محمود	وەزیری پیشەسازی و بازرگانی	گۆڕان	
19	جونسون سیاوش	وەزیری گواستنەوەو گەیاندن	بزووتنەوەی ئاشوری	
20	کەمال موسلم سەعید	وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی	گۆڕان	
21	صلاح الدین بابکر محمد	وەزیری کارەبا	یەکگرتوو	
22	مولود موراد محی الدین	وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان	یەکگرتوو	
23	عبدالرحمن عبدالرحیم حمه	وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە	کۆمەڵ	

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	قواد حسین	سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم	پارتی	پلەی وەزیری پێداروە
2	نێچیرفان ئەحمەد	سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران/ وەکالەت	پارتی	پلەی وەزیری پێداروە
3	ئامانج رەحیم	سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران	یەکێتی	پلەی وەزیری پێداروە
4	فەلاح مصطفی بەکر	سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە	پارتی	پلەی وەزیری پێداروە
5		سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان	گۆڕان	پلەی وەزیری پێداروە
6	سەفین موحسین دزەیی	فەرمانگەی میدیاو زانیاری/ وتەبێژی حکومەت	پارتی	پلەی وەزیری پێداروە

کابینەی نۆیەم:

خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (2018/9/31) بەڕێوەچوو، دوای گفتووگۆی لایەنەکان بە بەشداری (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان) لە (2019/07/10) کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانەی لە پەرلەمانی کوردستان وەرگرت. (سەبارەت بە پێکهاتەی ئەم کابینەیەش بڕوانە خشتەی ژمارە -11-).

خشتەی ژمارە (11)

پێکهاتەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

2019/07/10 – تا ئێستا

ز	ناو	پۆست	حیزب	تێبینی
1	مسرور مەسعود بارزانی	سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	پارتی	
2	قوباد تاڵەبانی	جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران	یەکێتی	
3	ڕێبەر ئەحمەد خالید	وەزیری ناوخۆ	پارتی	
4	شۆرش ئیسماعیل عەبدوڵڵا	وەزیری کاروباری پێشمەرگە	یەکێتی	
5	ئاوات جەناب نوری	وەزیری دارایی و ئابوری	گۆڕان	
6	د. کەمال عەبدولحەمید ئەتروشی	وەزیری سامانە سروشتییەکان	پارتی	2021/1/6 سوێندی یاسایی خوارد
7	دارا ڕەشید مەحمود	وەزیری پلاندانان		
8	فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا	وەزیری داد	پارتی	
9	سامان حوسێن محەمەد بەرزنجی	وەزیری تەندروستی	پارتی	
10	ئالان حەمە سەعید ساڵح محەمەد	وەزیری پەروەردە	پارتی	
11	دانا عەبدوالکەریم حەمە ساڵح	وەزیری ئاوەدانکرنەوەو نیشتەجێکردن	گۆڕان	
12	ساسان عوسمان عەونی حەبیب	وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار	پارتی	
13	ئارام محەمەد قادر ئەمین	وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی	یەکێتی	
14	کوێستان محەمەد عەبدوڵڵا	وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی	گۆڕان	
15	محەمەد سەعید عەلی	وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان	یەکێتی	
16	عەبدوڵڵا مەحمود محەمەد	وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال	سۆسیالست	
17	بێگەرد دڵشاد شوکرڵڵا	وەزیری کشتوکاڵ سەرچاوەکانی ئاو	یەکێتی	
18	کەمال موسلیم سەعید قەرەنی	وەزیری پیشەسازی و بازرگانی	گۆڕان	
19	ئانو جەوهەر عەبدولەسیح	وەزیری گواستنەوەو گەیاندن	بزووتنەوەی ئاشوری	
20	پشتیوان سادق عەبدوڵڵا	وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی	پارتی	
21	کەمال محەمەد ساڵح خەلیل	وەزیری کارەبا	پارتی	
22	خالید سەلام سەعید	وەزیری هەرێم	یەکێتی	
23	ئایدن مەعروف سەلیم	وەزیری هەرێم	تورکمان	
24	ڤاڵا فەرید ئیبراهیم	وەزیری هەرێم	پارتی	